

هاوار تەیب

## کێ هەیە ئەم منداڵە نە ناسێ

ئەم منداڵە نە ناسراو نییە
لەم کەونەدا گەڕیدەکە
هەر ڕۆژەی لە شارێکە
ڕۆژێک لە ئۆرشەلیمە
نزا بۆ پاکبوونەوە دەکات
ڕۆژێکی دی لە پاریسە و
دەپرسێ ئێرە شاری تیرۆرکردنی ناسنامەی منە
شەوێکیان میوانی تارانە و خەریکی لابردنی ماسکەکانە
بەیانییەک لە ئەنقەرە سەر خەوێک دەشکێنێ و
دەڵێت:ئازادی دیل ناکرێ و
پەیامێک ئاڕاستەی بەغدا دەکا و
ئێژێ وڵات بە خوێن ئاو نادرێ
لە دیمەشقەوە هاوار دەکات
سەرۆک ئەوە ڕۆژی ڕەشی تۆیە
کە پەپوولەکان بە ئاسمانتا نافڕن و
بیرکردنەوەکانت دیلی جەنگن.




ئەم منداڵە
گەڕێدەیەکی عاشقە
لە مهاباد و ماردیندا بە دوای ئازادیدا
لە هەڵەبجە بە دوای هەناسەیەکی بێ بۆنی سێو
لە لالش بە دوای ناسنامەی منداڵانی دوای شەڕ ئەگەڕێ
لە کوبانی بەدوای خەندەی سەر لێوی دایکیدا دەگەڕێ.

ئەو منداڵە
گەڕیدەیەکە بۆ ژیان نزا دەکا
گەڕیدەکی ڕووتە وەک ڕووتی حەوا
ئەو نازانێ سەر بە کام ڕەگەزە و
بۆ هێندە دەگەڕێ
ئینسانیبوونی ئەو منداڵە
لە حەقیقەتی مێژووەوە هاتووە و خەون دابەش دەکات
وەهەم تا ئەوجی بیرکردنەوە
دیل دەکات.

گەڕیدەیی ئەو کۆنترە لە مێژوو
گەڕیدەیی ئەو کۆنترە لە شەڕ

پێش شەڕ بانگەوازی ژیانی کرد
پێش باران گوڵەگەنمێك بوو
پێش تفەنگ عاشقێکی وێڵ بوو.
گەڕیدەیەک بوو لە چوار کانی ئاوی خواردەوە،
بەڵام هێشتا تینوو بوو.
ئاوێنەیەک بوو
دەم و چاوی ڕاستەقینەی مێژووی خۆی تیادا دەبینی.
ئێستاش ئاوارەیەکە لە باخچەکانی پووچگەراییەوە
وەهمەکانی تۆ باڵ دەکات و

لە پشت پەنجەرەکانەوە خەیاڵ تا ئەوجی نغرۆبوون لە
لای هابیل و قابیل دیل دەکات.

ڕانیە
هاوار_تەیب